# برووسکەیەکی بەپەلە بۆ گەورە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

( هەقبێژێك)

بەرێزان رۆژتان باش ...

هیواخوازم لە رووی باری ژیان و گوزەران هەر هەمووتان تێر وپڕ بن و گلە و گازندەتان نەبێت.

بەرێزان، هەڵبەتە شتێکی شاراوە نییە کە لە هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت تاوەکو ئێستا کە دەکاتە ناوەراستی مانگی نیسان تەنیا مووچەی مانگی شوبات بۆ فەرمانبەران خەرجکراوە، بێگومان هەرهەمووشتان ئەو هەقیقەتە دەزانن، کە فەرمانبەران جگە لەو مووچە رەزاگرانە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی بژێوی شك نابەن، چونکە ئێوە هەر لە زووەوە باری ژیان و گوزەرانی خۆتان دابین و مسۆگەر کردووە، لە ئەنجامی ئەو پارە زۆروزەبەندەی لێرە و لەوێ بەبێ هیچ حیسابێك دەستتان کەوتووە، ئەمە جگە لەوەی کە لەم بارودۆخەشدا زۆربەی خەرجییەکانتان لە ئەستۆی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، ئەوەتا بۆ نموونە :

- **یەکەم** : بەشی هەرە زۆرتان ئێستاشی لەگەڵدابێت بە ئوتومبێلە قەشەنگ و جۆراوجۆرەکانی حکومەت کە هەموو خەرجییەکی لەسەر بودجەی حکومەتە هاتووچۆو ئەملاو ئەولای ناوەوەو دەرەوەی پایتەختی هەرێمی کوردستان دەکەن.
- **دووەم** : سەرەرای ئەو ئوتومبێلانەی بۆتان دابین کراوە، کەچی زۆربەتان بەو ئوتومبێلانەش دڵتان ئاو ناخواتەوە و پەنا بۆ ئەو ئوتومبێلانەش دەبەن، کە لە بنەرەتدا بۆ کاروباری دام و دەزگاکانی حکومەت دابین کراوە، بەڵام لە پەنای دەیان بیانوو ئەوانەشتان بۆ بەرژەوەندیی خۆتان و ماڵ و منداڵەکانتان تەرخان کردووە و دەستتان بەسەریاندا گرتووە !!
- **سێیەم** : زۆربەتان جگە لە ئوتومبێلی حکومەت کە رەقەمی حکومییان هەیە و، بەنزین و رۆن و هەموو خەرجییەکی لە بودجەی حکومەت دابین کراوە، بەوەش نەوەستاون هەریەکەو چەند ئوتومبێلێکی دیکەی تایبەتی خۆتان لە دام و دەزگاکانتان نووسراوتان بۆ کردوون بۆ ئەوەی لە بەنزینخانەکان بە نرخی رەسمی بەنزینتان بۆ وەربگرن نەوەکا بە کڕینی بەنزینی گران لە بازار زەرەرمەند ببن.
- **چوارەم** : لە کاتێکدا کە پارە نییە مووچەی فەرمانبەرانی پێ بدەن، کەچی مینحەی هەموو بەرپرسە باڵاکانی حکومەت مانگانە دەدرێت و، پارەکەیش لە هەموو حاڵەتێکدا لە ( ٥) هەزار دینار کەمتر نییە و، بۆ ساغکردنەوەی پارەکەیش مەگەر هەر خۆتان و خوا بزانن چۆن ساغ دەبێتەوە، تەنانەت رەچاوی هیچ تەعلیماتێکی دارایی ناکرێت بۆ شێوازی خەرج کردنەکەی.
- **پێنجەم** : بەرێزان، سەرەرای ئەوەی ئاوی کوردستان ئاوێکی ساف و سازگارە، کەچی ئێوەی بەرێز لەم بارودۆخە سەختەدا مانگانە بە هەزاران دینار بۆ کڕینی ئاوی ( حەیات) خەرج دەکەن، وەك ئەوەی ئێوەی بەرێز لە ئەستێرەیەکی دیکەی ئەو گەردوونە بەرفراوانە هاتبنە دنیاوە و، دڵ و هەناوی ئێوە گەر ئەم جۆرە ئاوەی بەسەردا نەکرێت، ئەوا دوور نییە ( هەو) بکات و، زەرەری پێ بگات.
- **شەشەم** : لەم رۆژگارە بێ پارە و پولییەدا زۆربەتان تا ئێستا بە پسوولەی تایبەت لە وەزارەتی پیشەسازی و ووزە نەوت و غاز بۆ خۆتان و کەس کارتان دابین دەکرێت و، **خەڵکی هەژار و نەداریش دەبێ ( دەبەی) نەوت بە ( ٢٠ تا ٢٥) و، ( بوتڵی غازیش بە ( ٩٠ تا ١٢٠) دینار بکرێت، ئیتر پارەیان هەیە یان نا، ئەمەیان مەگەر لەو دنیا لێی بپێچرێتەوە.**
- **حەفتەم** : زۆربەتان ئوتومبێلی ماڵەوەی خۆتان، تەنانەت حاڵ بەوە گەییوە کەس و کارەکانیشتان بە بەردەوامی بە پارەی وەزارەتەکانتان چاك دەکەنەوە و، رێزیش بۆ هیچ تەعلیماتێك دانانێن کە حکومەت پەیتا پەیتا بۆ چاوبەستە کردن دەریان دەکات و، بەرێوەبەری گشتیی داراییش بە پێیی میزاجی تایبەتی خۆی کاریان پێ دەکات یان ناکات.

سەیر لەوەدایە سەرەرای هەموو ئەمانە و زۆری دیکەش حکومەت ماوەیەکە باج کۆکەرەوەکانی خۆی وەکو پۆلیسی تەبلیغات بە نێو شاردا بەرەڵلا کردوون بۆ ئەوەی پارەی ئەو خەرجیانەی سەرەوە بۆ ئێوەی بەرپرس دابین بکەن هەڵدەکوتنە سەر هاووڵاتییان و داوایان لێ دەکەن :

**— هەرچی زووە پارەی چەند مانگێکی کەڵەکەبووی کارەبا بدەن.**

— پارەی ئاو بدەن.

— پارە و باجی دیکەی بێ سنوور بدەن.

کە بۆ هەموو ئەمانەش پارە و باجی وا داندراون، رەنگە فەرمانبەران بە هیچ شێوەیەك بۆیان نەدرێت، چونکە ئەگەر ئەو پارانە، بەو مەبلەغە زۆرانە بەو باج کۆکەرەوانە بدەن دەبێ خۆیان بە دەرۆزە بکەون، بە تایبەتیش کە دوو مانگ، یان سێ مانگ جارێك ئەو مووچە موعتەبەرە بە دۆلاری زەرەر لێکراو بە هاوولاتییان دەدرێت، کە دلنیام لە هیچ حالەتێکدا ناکاتە پارەی ژەمە خواردنێکی نیمچە چەوری ئێوەی گەورە بەرپرسانی حکومەت، کە لەسەر بودجەی حکومەت بۆتان دابین دەکرێت.

کە قسەش دێتە کردن، ئەوە خوانەیبڕێ ئێوەی ستەمدیدە و نیشتمان پەروەر و دلسۆزی گەل و کوردایەتی و هەلگری پەساپۆرتی ولاتانی هەندەران، خەریکە شەوانیش لەبەر خەمی ئەم خەلکە هەژار و نەدارەی کوردستان چاوە جوانەکانتان ناچێتە خەو.

بەهەرحال رەنگە بەخۆداچوونە خێری بۆ خۆتان و بۆ رۆلەکانی ئەم گەلە ستەمدیدەیە هەبێت، ئەگینا دوور نییە ئەوەی بەسەر زالم و دیکتاتۆرەکەی عێراق هات رۆژێ لە رۆژان ئێوەش بگرێتەوە و، ئەوسا تەر و ووشك بەیەکەوە بسووتێن !!

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣